واشنتۆن هۆشداری دەدات لە گەشتکردن بۆ 10 وڵات لەنێویاندا عێراق



وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئەمڕۆ پێنجشەممە هۆشداریەکی گەشتکردنی ئاستی چواری بڵاوکردەوە و گەشتکردن بۆ 21 وڵاتی جیهان قەدەغە دەکات، لەنێویاندا چەند وڵاتکی عەرەبی و لەوانەش عێراق هەیە.

وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لەڕاگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە، هۆشداری گەشتکردن لە "ئاستی یەکەم"ەوە تا "ئاستی چوارەم" بڵاودەکاتەوە، ڕونیشیکردوەتەوە کە "ئاستی چوارەم" بە واتای "گەشت مەکە".

ئاماژەی بەوەشکردوە، دیاریکردنی ئاستی هۆشداری پەیوەستە بە چەند هۆکارکەوە، لەوانە بارودۆخی باو لەو وڵاتەی کە باسی لێوە دەکرێت، هەروەها توانای سنورداری دەسەڵاتدارانی ئەمریکا بۆ پشکەشکردنی هاوکاری بۆ هاوڵاتیانی ئەو وڵاتە .

وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕایگەیاند، ئەو وڵاتانەی ناو لیستەکەدان "شوێنی مەترسیدارن"، هاوڵاتییەکانیشی ئاگادارکردەوە کە مەترسی گەشتکردنیان بۆ ئەوێ هەیە .

لە لیستەکەدا و لەنێو وڵاتانی عەرەبی، عێراق، لوبنان، سوریا، لیبیا، سۆماڵ، سودان و

یەمەن هەیە، هەروەها لە لیستەکەدا ئەفغانستان، ئێران، مالی و باشوری سودان هەیە.

لە ئاستی جیهانیدا، لیستەکە ئەم وڵاتانەی لەخۆگرتبو: ڕوسیا، ئۆکرانیا، بێلاڕوسیا، قەزاقستان، کۆریای باکور، بۆرما، هایتی، بورکینا فاسۆ، کۆماری ئەفریقای ناوەڕاست و کۆماری دیموکراتیی کۆنگۆ .